گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» و چەواشەکردنی میژووی بزووتنەوەی کوردستان

بەشی دووەم

ئەحمەد ئەسکەندەری

لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا نووسیمان کە: «چشم‌انداز ایران» گۆڤارێکە هەموو مانگێک لە تاران بڵاو دەبێتەوە. بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ یەکەمین ژمارەی «چشم‌انداز ایران – ویژە کردستان» (تایبەت بە کوردستان) دەرچوو. پاییزی ٢٠٠٥ ژمارەی دووەمیشی بڵاو کرایەوە. ئەوە یەکەم جار بوو کە گۆڤارێک لە تاران بەو شێوەیە دوو ژمارەی خۆی تەرخان بکات بۆ باسکردن لەسەر پرسی کورد لە ئێران و هەروەها وێنەی ڕێبەرانی کورد بەتایبەت مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی و دوکتور قاسملو بڵاو بکاتەوە.

لە هەردوو ژمارەکەی ئەم گۆڤارەدا وتووێژ کراوە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵەکانی١٩٧٩-١٩٨٢دا و هەروەها چەند کەسایەتییەکی کورد کە لەو ساڵانەدا لە کوردستان یان لە تاران لە ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکانەدا ڕۆڵێکیان هەبووە.

هەروەها بەبەڵگەهێنانەوە لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئێران لەسەر ئەم بابەتانە دواین: «داواکارییەکانی کورد لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ و یەکەمین نوێنەرانی حکوومەت»، «کۆماری تازەدامەزراوی ئیسلامیی ئێران و کورد»، « کورد و ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩»، «سەفەری مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ تاران و قوم»، «دەرچوونی فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، واتە ١٩٥٣/٨/١٩»، «مامۆستا شێخ عیزەدین، دوکتور قاسملوو و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت»، «وتوویژ لە ئاوایی بێورانی سەردەشت»



ئێستاش دڕێژەی باسەکە. بەڵام پێشەکی چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەو بەشەی کە لە ژمارەی پێشووی «مەڵبەند»دا بڵاوکرایەوە و چەند بەڕێزێک تەلەفونیان بۆ کردم:

١- شەهید سمایلی شەریفزادە خوێندکاری زانکۆی «دانشکدە فنی» بوو لە تاران نەک زانکۆی «صنعتی» وەک من نووسیبووم.

٢- نوێنەرانی حکوومەت دووجار هاتن بۆ ناوچەی سەردەشت بۆ گفتوگۆ، یەکەمیان لە بنوخەڵەف و ئەوی دیکەیان لە بێوران. هەردوو کۆبوونەوەکان بە سەرۆکایەتیی داریوش فروهەر بوون. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەوەی من باسم کردووە لەسەر گێڕانەوەی چۆنیەتیی دانیشتنەکەیە لە بێوران کە لە گۆڤاری «چشم‌انداز ایران»دا ئاماژەی پێکراوە و هەموو قسەوباسەکان و پێشکەشکردنی خواستەکان و کێشەی ناو کۆبوونەوەکە هەر لەوێدا بووە.

پێکهاتنی «دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد»

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دیار بوو کە دەوڵەت لەبەرئەوەی تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت هاتبوو، بۆ دەرفەتێک دەگەڕا وچانێک بدات و بتوانێت خۆی کۆ بکاتەوە. کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیدا بوو؛ لە ئێران هەرچەند خومەینی دەسەڵاتی بااڵ و بێ ئەملا و ئەولای هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ناوەندی دەسەڵات هەبوون لە تاران و لە قوم. خودی سەرەکوەزیر دەسەڵاتێکی وەهای نەبوو و بەردەوام لەژێر فشاری توندڕەوەکاندا بوو؛ سپای پاسداران بۆ خۆی هێزێکی گەورەی پێکەوە نابوو بۆ هاوسەنگی لەگەڵ ئەرتەش و ئەمەش بۆ خۆی گرفتی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو، بە چەشنێک کە تەنانەت هەڵسوکەوتیان لە کوردستانیش وەک یەک نەبوو. دەیڤید مەکداوڵ (David McDowall) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «میژووی مودێرنی کوردەکان»، لە بەشێکدا لەژێر سەردێڕی «هاووڵاتیانی کۆماری شیعە» پاش باسکردنی دڕندەیی ڕژێم لە کوردستان و ئیعدامکردنەکانی ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی و ئەوەی کە هەزاران کەس کوژران، ئەڵێت: «سەرەڕای ئەوەش لە هەردووڵاوە هەوڵی ئەوە ئەدرا کە شەڕ و پێکدادانەکان کۆتایی پێ بێنن. . لەلایەن ڕژێمەوە هۆی سەرەکیی ئەو هەوڵانە ئەوە بوو کە چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە تووشی ململانێ بووبوو.» (کتێبی میژووی مودێرنی کوردەکان، لاپەڕەی ٢٦٢ بە زمانی ئینگلیزی). هەر لەسەر ئەم دۆخە کریس کوچێرا ئەڵێت: «هەلومەرجەکە نالەبار بوو؛ سەفارەتی ئەمریکا ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤

داگیرکـرا، ڕۆژی شەشـی مانـگ [سـەرەکوەزیر] بـازرگان دەسـتی لەکار کێشایەوە، پاشـان ئێران پەیمانی سـاڵی ١٩٢١ی ئێـران و سـۆڤیەتی هەڵوەشـاندەوە، بەمانەش پرسی کورد دەخرێتە پشـتگوێ. بەڵام هەرچەند کە جێگای سەرسوورمانیش بێت، داریوش فرووهـەر درێـژە ئەدات بـە وتوویژ لە کوردسـتان.» کتێبـی «ململانێی کورد، خەونـی گەوجانـەی سـەربەخۆیی»، لاپـەڕەی ١٨٣ بـە زمانی فەرەنسـایی. لەڕاسـتیدا دەوڵـەت سـەرەتا زۆری هەوڵـدا ڕێکخـراوە سیاسـییەکان لـە دەرەوە بهێڵێتەوە و لەگەڵ ئەوەی ئەوان پیاندەگوت «نوێنەرانی خەڵک»، وتوویژ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شاری کوردستان گەڕان و وێستیان کەسانێک بدۆزنەوە کە لەگەڵیان دابنیشن و بیانکەن بە نوێنـەری خەڵکی کوردسـتان. بەڵام لە هەموو شـوێنێک وەڵامەکـە لەلایەن خەڵکـەوە هەریـەک بـوو: نوێنەرانـی ئێمـە لایەنـە سیاسـییەکانن و ئێـوە دەبێـت بـۆ دیتنی ئەوان بچن بۆ شـاخ. پاشـان لە ڕێـگای حیزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێرانەوە (حـدکا) هەوڵیان دا ڕێـگا چارەیەک بدۆزێتـەوە و لەگەڵ ئەوان گفتوگۆ بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردبوون. بـەڵام کـە بۆیـان دەرکـەوت لایەنـی سیاسیی دیکەش هەن کە ناتوانن بخرێنە دەرەوەی ئـەم وتوویژانـەوە، ناچـار تەسـلیم بوون و ملیان دا بەوەی لەگەڵ دەسـتەیەک لە نوێنەرانی چەند لایەنێکی سیاسـی (لەوانـە حدکایـش) کـە ڕۆڵی سـەرەکییان هەبوو لـە بزووتنەوەکەدا بکەونـە گفتوگـۆ و دانوسـتاندن. لەلایەکی دیکەوە لە بڕیارنامەی هەشـت خاڵیـی مەهابـاددا کە هەفتەیـەک پاش ڕووخانی ڕژێمی شا لەلایەن نوێنەرانی هەموو شـارەکانی کوردسـتانەوە و بە دەستنووسی دوکتور قاسملوو درابووە نوێنەرانـی دەوڵـەت، لە خاڵی حەوتەمیدا نووسراوە: «هەموو نوێنەرانی ئامادەی ئـەم کۆبوونـەوە کـە نوێنەری شـارە کوردنشینەکانن، ڕایدەگەیەنن کە جەنابی مامۆسـتا شـێخ عیزەدیـن حوسـەینی شـیاوی ئەوەیـە کـە سـەرۆکایەتیی هـەر هەیئەتێک بکات کـە لەلایەن گەلی کـوردەوە لەگەڵ حکوومەتـی ناوەندی گفتوگـۆ دەکات...» (کتـاب ڕوزشـمار جنگایران وعـراق، پیدایش نظام جدید، بەرگـی یەکـەم لاپـەڕەی ١٥٨ چاپـی تـاران، زسـتانی سـاڵی ١٣٧٧ (١٩٩٩). لەگەڵ ئەوەشدا و بۆ پاراستنی یەکڕیزیی گەلـی کورد، مامۆسـتا شـێخ عیزەدین لایەنگـری ئـەوە بـوو کە دەسـتەیەکی نوێنەرایەتـی پێک بێت کە هەموو لایەنە سیاسـییە سـەرەکییەکان بگرێتـەوە. ئەگەریش ئامادە بـوو لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵـەت لـە بێـوران و بنووخەڵەف لە ناوچەی سەردەشت گفتوگۆ بکات لەبەر ئەوە بوو نیشانی بدات کە کورد ئامادەیە بۆ ئاشـتی و ڕێککەوتن. هەڵبەت لە زۆر لایەنەوە پێشـنیاری هەمهچەشنە دەکرا بە مامۆسـتا شـێخ عیزەدیـن و وادە و بەڵێنی جوراوجۆریان دەهێنایە گۆڕ، کە دیارە مەبەستیان دووبەرەکیخستن بوو لەناو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها مەبەستیان تەگەرەخستن بوو لەسەر ڕێگای بزووتنەوەی کوردستان. بەڵام مامۆستا بەردەوام داوای دەکرد کە هێزە سیاسییەکان پێگەیان لەنێو خەڵکدا هەیـە و هەرچەشـنە گفتوگۆکردنێـک دەبێـت بە بەشـداری هەموویـان بێت. بـەم پێیـە بیروڕاگۆڕینـەوە و دیدار و گفتوگۆ بەتایبەت لەگەڵ حدکا و کۆمەڵە و هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی چریکەای فیدایی خلق لقی کوردستان بەردەوام بوو. منیـش کە یەک لـەو کەسـانە بووم کە لـە «دۆڵی ئەحـزاب» لەگەڵ مامۆسـتا بـووم، لەنزیکـەوە ئـاگاداری جموجۆڵ و کۆبوونـەوەکان لـەوێ و هەروەها لە شـوێنی دەفتەری سیاسیی حدکا بووم. هەر لـەو ڕۆژانـەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنـووس و کەسـانی پسـپۆڕ لە میدیای ئەوروپاوە هاتبوونە کوردستان و لەنزیکـەوە و بـەوردی ئـاگاداری بەشـێکی زۆری ئەم جموجۆڵانە بوون؛ لەوانە ڕۆژنامەنووسـانی بەرجەستەی وەکـو کریس کووچێرا لە فەرەنسـاوە، دەیڤیـد هێرسـت لـە ئینگلسـتانەوە و فێردیناند هێنێر بیشـلێر لە ئوتریشەوە (نەمسا) لەوێ بوون کە لەگەڵ مامۆستا و دوکتۆر قاسملوو و هەروەها ڕێبەرانی کۆمەڵـە بـە دووروودرێـژی لەسـەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی دانوسـتاندن و بارودۆخی شـەڕ وتووێژیـان کردووە و دواتـر بـە دووروودرێـژی بڵاویـان کردووەتەوە.

کێشـەکە بـۆ دروسـتکردنی بەرەیەکی یەککگرتـوو بـۆ وتوویژ لەگـەڵ دەوڵەت ئـەوە بوو کـە حدکا لـە پێشـدا ئامادە نەبوو هیچ کەسی لەگەڵ بێت و پاشان ڕازی بـوو کـە مامۆسـتایش بەشـدار بێت. لەولایشـەوە کۆمەڵـە و چریکەای فیدایـی ئامـادە نەبوون سـەرۆکایەتیی حدکا قبوڵ بکـەن. جگە لەوەش داوای ئەوەیـان دەکـرد کـە وەکـو ئەندامێک خاوەنـی هەموو مافێک بـن و لەوانەش مافی قسـەکردن. سەرەنجام پاش هاتن و چوونێکـی زۆر و چەندەها دانیشـتن بەتێکـڕا لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کە «دەسـتەی نوێنەرایەتیـی گەلی کورد» پێـک بێـت کـە تێیـدا مامۆسـتا شـێخ عیزەدین ببێتە سەرۆک، حدکا (لەڕاستیدا دوکتـور قاسـملوو) ببێتـە گوتەبێـژ و کۆمەڵـە و چریکەای فیدایی ببنە ئەندام.

«کێشـەکە بۆ دروسـتکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ وتوویژ لەگـەڵ دەوڵەت ئـەوە بوو کە حدکا لە پێشدا ئامادە نەبوو هیچ کەسی لەگەڵ بێت و پاشان ڕازی بوو کە مامۆستایش بەشدار بێت. لەولایشەوە کۆمەڵە و چریکەای فیدایی ئامادە نەبوون سەرۆکایەتیی حدکا قبوڵ بکەن»

سـەبارەت بەوەی کە لە کاتی دانیشـتن لەگـەڵ نوێنەرانـی دەوڵەتـدا چـۆن ئەندامانـی کـورد بناسـێنرێت هیـچ ڕێککەوتنێـک نەبوو. بەسـەر ئەوەشـدا لـە چەندین شـوێن هێندێک لە ڕێبەرانی حـدکا – ئێسـتا و پێشـوویش– ئـەوە دووبـارە دەکەنـەوە کـە گوایـە بڕیار درابوو کە ناوی کەسـەکان ببرێت نەک ئەوەی سـەر بە چ ڕێکخراوێکن و گوایە ئەوەی کە مامۆسـتا شـێخ عیزەدین لە یەکـەم کۆبوونەوەدا نـاوی ئەندامان و نـاوی ڕێکخراوەکەیانی پێکـەوە وتووە بووەتـە هـۆی تێکچوونـی گفتوگۆکان. بەڵام لەڕاستیدا نەهێنانی ناوی ڕێکخراوە سیاسـییەکانی دیکـە تەنها هەڵوێسـتی خـودی حـدکا بـوو هۆیەکەشـی ئەوە بـوو کە دوکتۆر قاسـملوو کـە دەبووە



مامۆستا شێخ عیزەدین و مام جەلال لەگەڵ دەستەیەک لە هاوخەبات و هاوڕێیانیان ـ سورداش ١٩٨٤

گوتەبێژ کەسایەتییەکی ناسراو بوو کە حەکای پێوە دەناسرایەوە، بەڵام ئەمە بۆ کۆمەڵە و چریکی فیدایی وا نەبوو. دوو تێبینی هەیە کە ئەم هەڵوێستەی حەکا تووشی کێشە دەکات؛ یەکەم ئەوەی کە لە قسەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و خودی ئەندامانی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ وتوویژ ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئامانجی ئەوان لە گفتوگۆ کاتبەسەربردن بوو نەک گەیشتن بە ڕێککەوتن. لەم بارەوە دەبێت سپاسی آیت‌الله حسین کرمانی (نوێنەری تایبەتی خومەینی) بکەین کە لە گۆڤاری «چشم‌انداز ایران، ویژە کردستان»دا زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی ڕاستەقینەی دەوڵەت دەردەبڕێت. دووەم ئەوەی کە هەر هەمان ئەندامانی نوێنەرانی دەوڵەت و لەوانە داریوش فروهەر خۆیان چاویان کەوتبوو بە ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێبەرانیان و بە جیاواز و بە ڕەسمی لەگەڵیان دانیشتبوون. کەوا بێت دانیشتنێک کە ڕاستەوخۆ و بە تەنها ڕەوا بێت بۆچی بە کۆمەڵ تێکدەرانە دەبێت! من زۆر باش لە بیرمە کە لە گفتوگۆکانی سەبارەت بە دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردرد نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکهای فیدایی دەیانگوت جا ئەگەر لە کۆبوونەوەکاندا قسە نەکەین و بە ناوی ڕێکخراوەکەشمانەوە نەناسێنرێین ئەی بۆ بەشداری لە وتووێژەکاندا بکەین؟ لەکاتێکدا کە ئێمە بە هیممەتی خەباتی ڕێکخراوەکەمان و هەروەها بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەندامان و پێشمەرگەکانمانەوە بەشدار دەبین، چۆن دەستبەرداری ناسنامەی ڕێکخراوەکەی خۆمان دەبین.

بەهەرحاڵ سەرەنجام پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر و دانیشتن و گفتوگۆی چەندەها جارە، سەرەنجام «دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد» لە بەیاننامەیەکدا پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاند. ئەمەش بەشێک لە دەقی ئەو بەیاننامەیە کە دەتوانێت گۆشەیەک لەو ڕاستییەی سەرەوە نیشان بدات:

پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد

ڕێککەوتنامە ١٣٥٨/٨/٢٨(١٩٧٩/١١/١٩)

١٣١

لەم هەلومەرجە ناسک و مێژوویییەدا کە خەڵکی کوردستان تێکرا پشتیوانی و هاودەنگیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان دەربڕیوە و لە ئاکامی بەرگریی قارەمانانەی گەلی کورد و پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەوڵەت ڕووی کردووەتە ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانە، ئێمە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی، کە ئالای خەبات بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواوەتی خاکی ئێرانمان شەکاوە ڕاگرتووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی کوردستان و بەتایبەت بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری و بەشداریکردن لە وتووێژ لەگەڵ هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتدا، دەستەیەک... بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنین بۆ ئەوەی لە هەموو قۆناغەکانی وتووێژدا بەشداری بکەن:

١- مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی، سەرۆکی دەستەی نوێنەران،

٢- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گوتەبێژی دەستەی نوێنەران،

٣-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ئەندام،

٤- ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران، لقی کوردستان، ئەندام،

بێگومان پێش دەستپێکردنی وتووێژ دەستەی نوێنەران چوارچێوە و هێڵە سەرەکییەکانی گفتوگۆکان دیاری دەکەن. لە کاتی گفتوگۆیشدا هەرکام لە ئەندامان مافی ئەوەیان هەیە کە لە چوارچێوەی دیاریکراودا ئەو قسەوباسانەی کە بە پێویستی دەزانن بە نووسراوە بیدەنە دەست گوتەبێژ تاوەکوو باسی لێبکات. لە هەرکام لە دانیشتنەکاندا گوتەبێژ بۆی هەیە کە دریژەی قسەکردن بسپێرێت بە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەران.»

ڕۆژی ١٩٧٩/١١/١٧ ڕادیۆی تاران پەیامی خومەینی بڵاوکردەوە کە بەم دێڕە دەستی پێدەکرد: «سڵاو بۆ خوشک و برا کوردەکان کە بە وەفاداربوونی خۆیان بە ئیسلام و کۆماری ئیسلامی پێشی پلانی خائینان بە وڵاتیان گرت». پێویستە ئەوەشمان لە بیر بێت کە ئەمە هەر هەمان خومەینی بوو کە سێ مانگ پێشتر فەرمانی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستان دەرکردبوو. کەسانێکی زۆر لەملاولاوە لەسەر ئەم پەیامەی خومەینی بابەتیان نووسیوە و گوایە بە پەیامێکی گرنگی دادەنێن بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد. بەڵام لەڕاستیدا وا نییە و خومەینی خۆی لە ستەمی میللی ئەدزێتەوە و تەنانەت فارسەکانیش لە ئێراندا بە ستەملێکراو دەزانێت و دەڵێت کە «تورک و لور و عەرەب و بلوچ و فارس و تورکمەن لەگەڵ ئێوە لەو شتانە بێبەش بوون کە ئێوە لێی بێبەش بوون... لە پەنای ئیسلام و کۆماری ئیسلامیدا هەموو تۆژەکانی میللەت و لەوانە کوردیش مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیان هەیە...»

پاش دەرچوونی ئەم پەیامە لە هەموو شارەکانی کوردستان خۆپیشاندانی گەورەی چەندین دەهەزار کەسی بەڕێوەچوو. ڕۆژنامەکانی تاران وەکوو کیهان و اطلاعات ڕۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ ی خەزەڵوەر (١٩ و ٢٠ی مانگی نوڤامبر)

دەنگوباسی ئەم خۆپیشاندانانە و هەروەها بڕیارنامەی خۆپێشاندەرانیان تێدا بڵاو کراوەتەوە کە بریتییە لە پشتگیری لە وتووێژ و ڕێگاچارەی سیاسیی کێشەی کورد و هەروەها بەڕاشکاوی باسی داخوازییەکان و «وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد» دەکەن. هەڵبەت هەموو ئەمانە پێش ڕاگەیاندنی پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بووە.

ڕۆژی ٤ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (٢٥ی نوامبر ١٩٧٩) «دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد» ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی لە هەشت خاڵدا ڕاگەیاند و لە هەمان کاتدا داوای پشتیوانی کرد لە خەڵک. لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: «داوا دەکەین لە هەموو خەڵکی کوردستان کە ڕۆژی سێشەممە شەشی مانگی سەرماوەزی ١٣٥٨ کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ لە سەرانسەری کوردستان خۆپیشاندان بکەن و پشتگیری خۆیان لە دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد کە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین پێکهاتووە و هەروەها لەم خواستانەی خوارەوە دەربڕن:

١- خودموختاری کوردستان بە ڕەسمی بناسرێت و لە قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێت،

٢- ناوچە کوردنشینەکان کە بەسەر چوار ئوستان (پارێزگا)ی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دابەشکراون، وەکوو یەکەیەکی خودموختار بناسرێن،

٣- مەجلیسی میللی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، ڕاستەوخۆ، نهێنی و گشتی لەناو خەڵکی کوردستاندا دابمەزرێت. ئەم مەجلیسە، دەوڵەتی خودموختاری کوردستان و نوێنەرەکانی هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئاسایشی ناوچەی خودموختار،

٤- زمانی کوردی وەکوو زمانی ڕەسمیی خوێندن و قسەپێکردن لە ئیدارە و دامودەسگاکانی کوردستان بناسرێت و پاش سالّی چوارەمی خوێندن زمانی فارسی لە پەنای زمانی کوردیدا دەخوێندرێت. زمانی ڕەسمی واتە فارسی ببێتە زمانی ئیدارەکان لە سەرانسەری ئێران و لەوانە کوردستانیش.

٥- تەرخانکردنی بەشێکی گشتی بوودجەی وڵات بۆ کوردستان بە چەشنێک کە دواکەوتوویی ئابووری کە ئاکامی ستەمی میلییە قەرەبوو بکاتەوە،

٦- نوێنەرانی خەڵکی کورد بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ناوەندیدا،

٧- هەموو کاروباری لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە، پارێزگاری میللی (ئەرتەش)، سیاسەتی گشتی و ئەرزی، بازرگانی دەرەکی و بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا دەبێت. باقی کاروبارەکانی ناوخۆ لەلایەن دامودەسگاکانی خودموختاری کوردستانەوە بەڕێوە دەچن،

٨- ئازادییە دیموکراتیکەکان وەکوو ئازادیی دەربڕین، قەڵەم، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، حیزبەکان و ئازادیی ئایین و باوەڕ لە سەرانسەری وڵاتدا دابین بکرێت»

لەکاتێکدا ئاوەها بە ڕۆونی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان نەک هەر یەکجار بەڵکو دەیان جار و لە زۆربەی ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی تاراندا و تەنانەت لە ڕادیۆشەوە بڵاو کراوەتەوە، لەکاتێکدا پەیتا پەیتا بڕیارنامە و داواکارییەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکاندا بە پشتیوانی زۆر بەربڵاوی خەڵک بڵاو دەکرانەوە و جاری وایش بوو کە زۆر دەچوونە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵی سەرەڕای ئەوە کەم نین ئەو «ڕووناکبیر» و نووسەرانەی کە دەڵێن خەڵکی کورد نەیاندەزانی خوازیاری چین و یان دیار نەبوو داوای چی دەکەن! هەر لێرەدا با ئەوە بڵێم کە لە ژمارەی یەکی «چشم‌انداز ایران، ویژە کردستان» لاپەڕەی هەشتاودوو لە ئاغای ئیبراهیم یۆنسی پرسیارێک دەکەن کە بەم شێوە وەڵامی دەداتەوە: «پرسیار: خواستی حیزبەکانی ئەو سەردەمە چی بوو، داوای چییان دەکرد؟ وەڵام: نازانم ژمارەیەکیان صدام ختولکەی ئەدان، هێندێکیان ڕۆژهەڵات و هێندێکیش ڕۆژئاوا... وایە ئیدی هەر وەکو هەموو حیزبەکانی وڵاتانی نیمچە کۆلۆنیال [نیمە مستعمرە].»!

جا کەسێک کە خۆی کوردە و ماوەیەک ئوستاندار (پارێزگاری)ی کوردستان بووە و لەنزیکەوە بە کوردی و بە فارسی ئاگای لەم داواکارییانە بووە و بەو شێوەیە هەڵوێست دەگرێت، داخوا شوڤینیستێکی سەر بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەبێت چۆن باسی ئەم داخوازییانە بکات؟

لەسەر داوای دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، سەدان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان ڕۆژی شەشی سەرماوەزی ئەو ساڵە واتە ١٩٧٩/١١/٢٧ لە هەموو شار و شارۆچکە و گەورەدێیەکانی کوردستان بۆ پشتگیری لە هەشت خاڵی ڕاگەیێندراو خۆپیشاندانی جەماوەرییان ساز کرد کە نەک لە ڕۆژنامەکانی تاران بەڵکو لە ئاژانسی دەنگوباسی دەرەوەشدا وەکو بی‌بی‌سی، ڕادیۆ مونتی‌کارلۆ و ئەوانی دیکە دەنگی دایەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کورددا بەرەو ڕوو بوونەتەوە.



لەڕاستەوە: ؟، مولازم عومەر، مەلا بەختیار و د. قاسملو (ئەرشیفی مولازم عومەر)

کۆبوونەوەی ڕەسمی نوێنەرانی گەلی کورد و هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت

نوێنەرانی حکوومەت کە بە ڕەسمی ناویان «هیات ویژه دولت» بوو، ڕۆژی دووشەممە ١٩ی سەرماوەز گەیشتنە مەهاباد و ڕۆژی دواتر واتە سێشەممە ٢٠ی سەرماوەز ١٩٧٩/١٢/١١ لە فەرمانداری لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دانیشتن. تەلەڤیزیۆنی مەهاباد دوو ڕۆژ دواتر واتە پینجشەممە ١٣٥٨/٩/٢٢ وتوویژی کردووە لەگەڵ چوار کەس لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کە بریتی بوون لە: عەزیز ماملێ نوێنەری حدکا دوکتۆر جەعفەری شەفیعی نوێنەری کۆمەڵە بەروز سلیمانی نوێنەری چریکەای فیدایی لقی کوردستان

«...بەیامی تایبەتی «ئیمام خومەینی» لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە خوێندرایەوە کە گوایە دەیانەوێت مافی گەلی کورد بدەن، بەڵام لەڕاستیدا لە بنەوە هەوڵیان ئەوە بوو کە «عێزەدینی حسینی ڕازی بکەن» و لەگەڵ خۆیان «ببەن بۆ قوم» بۆ ئەوەی لەوێ «ئیمام قسەی لەگەڵ بکات»!

فاتح شیخ‌الاسلامی نوێنەری دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین دوکتور جەعفەر (یادی بەڕێز بێت)، لە وەڵامی پرسیارێکدا تیشک دەخاتە سەر بەشێکی گرنگی کۆبوونەوەکە و هەڵوێستی نوێنەرانی دەوڵەت. دوکتۆر جەعفەر: «دوای ئەوەی کە هەیئەتی وێژەی دەوڵەت چەندین جار هاتنەکەی وەدواخست، سەرەنجام ڕۆژی دووشەممە ٩/١٩ گەیشتنە مەهاباد و ڕۆژی سێشەممە ٩/٢٠ کاتژمێر سێونیوی دوای نیوەڕۆ مذاکرات دەستی پێکرد. لەپێشدا



مام جەلال تاڵەبانی

«فروهر» اظهار خوشبینی کرد لەو دانیشتنە و لە نەتیجەی مذاکرات و پاشان مامۆستا (شێخ عێزەدین) بە نیوێ سەرۆکی «د.ن.خ.ک» وتاری افتتاحییەی خوێندەوە. دوای بەخێرهێنانی نوێنەرانی دەوڵەت باسی ئەوەی کرد کە «ئەوە ئارەزووی میللەتی کورد بووە کە لەسەر مێزی مذاکرە دابنیشێت و مەسئەلەی میللیی خۆی حەل بکات. هەروەتر ئیشارەی بەوە کرد کە گەلی کورد لە طولی تاریخی خەباتی خۆیدا لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران خەباتی کردووە و شەهیدی داوە... بەڵام گەلی کورد... هەروەها بۆ مافی میللیی خۆیشی خەباتی کردووە. بەتایبەت لەدوای شەری دووهەمی جیهانییەوە... لەم ڕێگایەدا پێشەوا قازی محمد شەهید بوو، بزووتنەوەی چەکداری سالانی ١٩٦٧-١٩٦٨ و هەروەها خەبات لە دژی استبدادی پەهلەوی دریژەی کێشا... پاش تێکشکانی ڕژیمی شا، تەبیعی بوو کە گەلی کورد چاوەروانی ئەوەی دەکرد کە بە ئارەزووی خۆی بگات. ئازادی بۆ هەموو ئێران و خودموختاری بۆ گەلی کورد؛ هەربۆیە دانیشت و مذاکرەی کرد بەڵام بە نەتیجە نەگەیشت و شەڕێک بەسەر ئێمەدا داسەپا. ئێستایش هەروەکو لە پێشوویشدا، هیوامان ئەوەیە بە گفتوگۆ بە نەتیجە بگەین بە هیواین لە هەردوو لاوە حوسنی نییەت هەبێت... مەسئەلەی موعارەفە پێشهات، لە پێشدا فروهر هەیئەتی وێژەی دەوڵەتی ناساند هەروەها مامۆستایش «د.ن.خ.ک»ی ناساند بەدوای ئەوە بوو کە صباغیان اعتراضی کرد بە تەرکیبی «د.ن.خ.ک».»

بێژەری تەلەڤیزیۆنی مەهاباد دەپرسێت: «وتوویانە ترکیب و یا مذاکرە لەگەڵ هێزی سیاسیمان قبوڵ نییە، ئێوە ئەڵێن چی؟» بەروز سلیمانی (یادی بەڕێز بێت)، لە وەڵامدا ئەڵێت: «سوخەنگوی (دەستەی نوێنەرایەتی، واتە دوکتۆر قاسملوو کە یادی بەڕێز بێت) لەو جەلەسەدا سەبارەت بەم مەوزووعەوە قسەی کرد. وتی تەرکیبی هەیئەت بە خودی «د.ن.خ.ک» مەربووتە. وتی خەڵکی کورد بە وەسیلەی نیروگەلی سیاسی نمایندگی ئەکرێت. ئەوە خەڵکی کوردە کە حەقی هەیە لەبارەی ئەو تەرکیب و هەیئەتەوە نەزەر بدات هەر وەکوو لە شەشی ئازەردا نەزەری دا. ئەوە نەزەری موشتەرەکی «د.ن.خ.ک» بوو.»

فاتح شیخ‌الاسلامی: بیستوومانە خەڵک وتوویانە پێکهاتنی ئەو «د.ن.خ.ک» بە ئەندازەی خودموختاری مهمە. تەرحی هەشت مادەی ڕاگەیاند کە خەڵکی کورد شەشی ئازەر پشتیوانیان لێکرد. سەبارەت بە ڕیفراندومی قانون اساسی اطلاعیەی دا وتی بە سێ عیللەت بەشداری ناکات: یەکەم حاکمیتی میالی قبول نەکردووە، دووهەم ئازادیهای دیموکراتیکی لە سەراسەری ایران تەئمین نەکردووە و حەقی خودموختاریی کوردستانی بە ڕەسمیەت نەناسیوە. ئەوەی کە خەڵکی کورد قاطعانە ڕایانگەیاند کە لە ڕیفراندومدا بەشداری نەکەن سەرکەوتنێک بوو بۆ «د.ن.خ.ک».

پرسیار: وتوویانە ئێوە نوێنەری هەموو خەڵکی کورد نین بەڵکو تەنها نوێنەری چەند تۆڕ و چینێکن و ئەوان ئامادەن

لەگەڵ نوێنەرانی دەستە و گرووهەکانی دیکە قسە بکەن.

عزیز ماملی: ...ڕۆژی شەشی سەرماوەز لە تەواوی کوردستان خۆپیشاندان کرا و بۆ هەموو کەس دەرکەوت کە «د.ن.خ.ک» بۆ تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی کورد قابیلی قەبوولە. ئێمە زۆرمان پێ سەیرە کە تەرەفی ئێمە واتە دەوڵەت ئەو قسانە دەکەن کە ئێمە نوێنەری ناوچەیەکین. ئەگەر وایە نوێنەری باقییەکەی دیکەی کێیە؟ دیاری نەکراوە! مەسئەلەیەکی دیکە کە ریفراندومە... هەموو کەس دەزانن کە خەڵکی کورد بەشداریان نەکرد. لە شاری مەهاباد بیستودوو ڕای هەبوو لە شارەکانی دیکە وەکو سنە و سەقز هەر ڕای نەبوو. لە بۆکان تەنیا چوار ڕای هەبوو. ئەوە دەلیلی قەتعی و ئەسڵی ئەوەیە کە خەڵکی کورد ئەیانەوێت «د.ن.خ.ک» بەشدار بێت و پشتیوانی تەواوی خەڵکی کوردستانی هەیە نەک ناوچەیەک یان توێژێک...

پرسیار: عیبارەتی حوسنی نییەت ئەم ڕۆژانە زۆر بە کار دەبرێت هەم لەلایەن ئێوە هەم لەلایەن دەوڵەتەوە ئایا ئەو حوسنی نییەتە بە کار براوە؟

دوکتور جەعفەر: بو بەر ڕەسی ئەو مەسئەلەیە دەبێت تەمەشای عەمەل و کردەوە بکەین نەک قسە. ئەگەر سەیری کردەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێ دەوڵەت ئەوەی نەیبێت حوسنی نییەتە! ئێمەیش بە کردەوە ئیسباتمان کردووە کە حوسنی نییەتمان هەیە. ئەوە شتەیەک نییە کە بە قسە بیڵێم. با بیکەینە دوو بەش سیاسی و نیزامی. لە باری نیزامییەوە ئاتەش بەس لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەلی کوردەوە ڕاگەیاندرا. دەبا هاوکات دەوڵەتیش ئیعلامی بکردایە، لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان قەراری وایان دانابوو. بەهانەی هێنا، وەدوای خست. قەرار وابوو کە سپای پاسداران بباتە دەرێ بەڵام نە تەنیا نەیبردووەتە دەرێ، بەڵکو تەقویەتی دەکات، سنە، مەریوان، سەقز و سەردەشت مشخصا دەکرێت ئیشارەیان پێبکرێت. لەباری سیاسیشەوە ئێمە تەزادی جۆراوجۆر لە بەینی قسەکانی هەیئەت ویژە و ئەفرادی دیکە دەبیستین. کەسانێک وەکو خەڵخاڵی، آیت‌الله منتظری، چمران و ئەوانە بە ئاشکرا لە قسەکانیاندا زەمینە ساز دەکەن بۆ شەڕێکی دیکە.



د. جەعفەر

نموونەی عەینی ئەوانە ئەو اطلاعیەیە کە من پێمە و خلخالی بە تاریخی ۵۸/۹/۳ نووسیویەتی. لەوێدا دەقیقەن زەمینە ساز دەکات بۆ شەڕێکی وەکو شەڕی هەوەڵ. آیت‌الله منتظری لە حەساسترین لەحزەکاندا کە مەسئەلەی مذاکرە لە گۆڕێدا بوو، لە دانشگای تاران قسەی ناشایستی کرد کە تەبعەن لەتمە دەدات لە مذاکرات. هەروەتر چمران کە کاسێتی قسەکانی هەیە و ئەویش زەمینە بۆ شەر ساز دەکات. ئەوە بەشێک کە هیات ویژە نین. ئەوانە کە واقعا مەسئوولن و دەسەڵاتیان هەیە. دێینە ئەولایە تەماشای هەیئەتی ویژە بکەین کە دەقیقەن مەسئوولن بو مذاکرە ئەوانە بۆ خۆیان قسەی وا دەکەن کە لەگەڵ ڕۆحی حوسنی نییەت نایەتەوە. مثلا صباغیان چ لە ڕۆژنامە و چ لە تلویزیون قسەی وا دەکات کە موغایرە لەگەڵ ئەو دانیشتنە. ئیشارە بەوە دەکەن کە نایانەوێت ئازەربایجان وەکو کوردستانی لێبێت و ئیستاش هەر لەسەر ئەو قسەیە هەن کە لە کوردستان عناصر وابەستە بە پالیزبان و ئەمپریالیسم هەیە. یانی هەر ئەو قسانەی لە هەوەڵەوە دەیانکرد. کە ئەنەهوو هیچ نەگۆڕدراوە. هەروەها بۆمان ثابت بووە کە ئەوانە قودرەتیان نییە و هەیئەتی ویژە دەسەڵاتدار نین. ئێمە... بە محاکمە و مەحکوم بە ئێعدام بوونی ئەفسەری انقلابی بهروزنیا ئیعترازمان کرد. پێمان گوتن کە حد اقل دەبێت مەوکول بکرێت بە کاتێکی دیکە. بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەرگری لەوە بکەن. حەتتا ئیعترازیان بەوە کرد کە ئێوە بۆ بەوانە ئەڵێن ئەفسەری انقلابی. فرووهەر ئەگەر اشتباه نەکەم لە کێهاندا نووسیوویەتی کە کورد هەر هەمیشە عادەتیان بووە کە پێشنیارەکانی خۆیان بە گوللە و بە تفەنگ مەترەح بکەن. کەنگی وابووە؟ اتفاقا هەمیشە ئێمە بووین کە سولحمان ویستووە و جوابی صلحیان بە توپ و تفەنگ و تەیارە و هلیکوپتەر داوەتەوە. تەجروبە ئەوەی نیشان داوە. ئەوە تەئییدی سیاسەتەکانی شایشە. ئەگەر ئێمە ئەو عادەتەمان بووبێت، کەوایە دەوڵەتی پێشوویش حەقی بووە کە سەرکوتمان بکات چونکو ڕێگایەکی عادلانەمان نەگرتووەتە بەر. قەرار وابووە کە مذاکرات و تەماسهایەک بووبێت لە بابەت ئەو کەسانەی کە گیراون و یان لەغوی ئەحکامی ئەوانەی تبعید بوون. چکۆلەترین ئیقدامێک لەلایەن ئەوانەوە نەکراوە. نموونە زۆرە بۆ شتی ئاوا و هەر ئەوەندە لەوانەیە کافی بێت. بەڵام لە مەوریدی خۆماندا: ئێمە دەقیقەن ئاتەشبەسمان ڕیعایەت کردووە، موحیتی سیاسیمان فەراهەم کردووە بو مذاکرات. ئەوە مەسئەلەیەکی موهیممە. حەتتا بەرخیلافی ئەوەی ئیدیعا دەکەن کە پێشمەرگە بەتایبەت لە بەعزە جێگاهایەک وەکو مەریوان و سنە و یان جێگای دیکە بەعزە ئیخلالگەری دەکەن ئێمە عەلەنەن لە حاکمییەتی شار و ئاوەدان کردنەوەی شار و دێ بەشداری دەکەین و دەخالەتمان بووە. ئەوە زۆر مهمە. ئەوە ئەوان بوون کە وێرانییان پێکهێنا و ئێمە ئاوەدانی پێک دێنین. لە سەقز لەگەڵ ئیدارەجات ڕابیتە گیراوە و بە هاوکاری ئیدارەجات و هێزی پ م و ڕێکخراوە سیاسیەکان شارەکە زۆر بەباشی ئیدارە دەکرێت. ڕۆژ نیە لە خەبەرنامەدا نەخوێنینەوە کە لە سنە، لە ڕێگای کرماشان فلان دز و فلان دز گیرا. هەروەها دەستمان کردووە بە بەعزە کارهایەکی عومرانی و ئاوەدان کردنەوەی وڵات. لە تورجان لە بەینی سەقز و بۆکان هێزی پ م خەریکە جادەیەک دەکێشێت کە دەوڵەت تا ئێستاش نەیتوانیوە دروستی بکات... خەڵک لەوە ڕازین. ئەوان بێ ئەوەی ئەو شتانە ببینن پێشداوەریهایەک دەکەن و زەمینە موساعید دەکەن کە مذاکرە نەکەن... مەخسووسەن لە مەوریدی تەرحەکەیاندا موشەخەسەن با بیخوێننەوە بزانن چیە... پێموایە

ئەو نموونانە کافی بێت بۆ ئەوەی کە سوءنیتی ئەوان و حسن نیتی ئێمە نیشان بدات.

پرسیار: ڕای ئێوە لەسەر ئەو طرحە کە لایەن هیات ویژەوە بڵاو بووەتەوە و بە ناوی طرح خودگەردانی ناسراوە چییە؟

عزیز ماملی: ئێمە وەکوو «د.ن.خ.ک» لە تەواوی ئەو جەلەساتی مذاکرەدا داوامان ئەوە بوو کە ئەوانە تەرحی خودمختاریمان پێ نیشان بدەن و بماندەنێ کە ئێمە لەسەر ئەوە وتوویژەکانمان دەست پێبکەین. دیارە ئەوە مەسەلەیەکی ئەساسی بوو لە مذاکراتدا. ئەوان هەمیشە ئەو داوایەی ئێمەیان وەدوا دەخست و دەیانگوت خەڵکیش دیوویانە. هەتا لە جلسەی یەکەمی مذاکرە هەروەکوو کاک دوکتور باسی کرد لە طرف سوخەنگوەوە مەترەح بوو بەڵام ئەوان نەیاندا. پاشانیش ئەوی ڕۆژێ کە دەیانەویست بچنەوە تاران بە تەوری غیررسمی و غیراصولی ناردبوویان بۆ سوخەنگوی «د.ن.خ.ک». ئێمە پاش ئەوەی چاومان بە تەرحەکە کەوت دیارە بۆ خۆمان نەزەری خۆمان گوتووە و دەینووسین و بۆ خەڵکیشی بڵاو دەکەینەوە بەڵام پێمان خۆشە ئەوەندە ڕوون بکەینەوە کە ئەو تەرحە کە بە اصطلاح پێشنووسە، زۆریش بە شکلی ناحەز تەحویلی ئێمە دراوە و فوتوکوپی بووە و ئیمزایش نەکراوە. فوتوکوپی پیش نووس بێ ئیمزا.»

ئەوە بوو بەشێک لە دەقی وتوویژی تەلڤیزیۆنی مەهاباد لەگەڵ ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد. ئێستا پێویستە بەشێک لە قسەکانی ئاغای سحابی ئەندامی هەیئەتی ویژەی دەوڵەت بگێڕینەوە کە لە لاپەڕەی ٦٤ی چشمانداز ایران ــ ویژەی کردستان، بەهاری ٢٠٠٣دا ئاوا دەڵێت: «خودی ئیمام خومەینی ئاغای فروهەری وەکو نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بۆ کوردستان... دواتر فروهر پێی گوتین کە نێردراوە بۆ ئەوەی عیزەدین حسینی ڕازی بکات و لەگەڵ خۆی بیبا بۆ قوم کە ئیمام قسەی لەگەڵ بکات... پرسیار: واتە بۆ ئەوەی لەوێ بیگرن؟ وەڵام: نەء، لەژێر چاوەدێریدا بێت. لەڕاستیدا بۆ ئەوەی گەمارۆ درابێت. لەوانەیە ئەمە لە باری تاکتیکەوە ڕاست بووبێت.»

فەرموون قسە لەوە ڕاشکاوانەتر نابێت! «تاکتیک»یان ئەوە بوو کە لە ڕواڵەتدا وا بنوێنن کە گوایە هاتوون بۆ وتوویژ و «حوسنی نییەت» لە خۆ نیشان بدەن و پەیامی تایبەتی «ئیمام خومەینی» لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە خوێندرایەوە کە گوایە دەیانەوێت مافی گەلی کورد بدەن، بەڵام لەڕاستیدا لە بنەوە هەوڵیان ئەوە بوو کە «عیزەدینی حسینی ڕازی بکەن» و لەگەڵ خۆیان «بیبەن بۆ قوم» بۆ ئەوەی لەوێ «ئیمام قسەی لەگەڵ بکات»! بەخۆشییەوە ئەم پیلانەیان بۆ نەچووە سەر بەڵام زۆر بەداخەوە دە ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٨٩ توانیان پیلانێک بگێڕن و ئەمجارەیان نەک لە قوم بەڵکو لە ڤییەننای پایتەختی ئوتریش (نەمسا) داوێکیان نایەوە و دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانیان کە بۆ بە ناو «وتوویژ» بانگهێشتن کرابوون بە شێوەیەکی دڕندانە کە ئێستا هەموو دونیا ئاگاداری وردەکارییەکانیەتی، تێرۆر کرد.

کێ شەڕەڵگرسێن بوو

لەسەر ئەوەی کە چۆن بوو شەڕ لە کوردستان دەستی پێکرد و کێ دەستپێشخەری شەڕەکە بوو لە زۆر شوێن بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە. بەڵام سەرەڕای جیاوازیی نووسەران و شوێن و کاتی بڵاوبوونەوە، هەموویان لە خاڵێکدا کۆکن ئەویش ئەوەیە کە گوایە کورد هەر لە منداڵییەوە ئەویندارى چەکە و دایمە بە شوێن بیانوویەکدا دەگەڕێت کە لەو چەکەی کەڵک وەرگرێت! هێندێک لە ڕووی بێئاگاییەوە و هێندێکیش بە ئەنقەست وا دەنوێنن کە پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران کورد لە بەردەم دووڕییانێکدا بووە ـ شەڕی چەکداری و خەباتی سیاسی ـ و بە ئارەزووی خۆی شەڕ و تووندوتیژییان هەڵبژاردووە! ئەمە بەئاشکرا خۆڵکردنە چاوی خەڵک و فریوکارییە. هەر سەیری هەڵوێستی کاربەدەستان و ڕێبەرانی ئایینی و سیاسی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڤاری «چشمانداز ایران – ویژە کردستان»دا بۆمان دەردەخات کە چۆن هەموو ڕێگایەکی سیاسییان گەیاندە بنبەست و ئاژاوەگێڕان و شەڕخوازان دەستیان ئاوەڵا کرا. پاش نزیکەی بیستوحەوت ساڵ خوتبەدان و وتارنووسین لەسەر ئەوەی کە ئاشتی باشە و شەڕ خراپە هەڵبەت کارێکی ئاسانە.

وتوویژی ژنرالێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە «سەرلەشکر ناصر فەربود» لە لاپەڕەی چلوسێی «چشمانداز ایران – ویژەی کردستان ژمارە دوو»دا جێگای سەرنجێکی تایبەتییە: «پرسیار: واتە ئێوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سەرەتای شۆڕشدا تاران دەستپێکەری شەڕ بوو لە دژی کوردستان؟ بە واتایەکی دیکە دەستدرێژی لەلایەن دەوڵەتی کاتییەوە و لە تارانەوە بوو؟

وەڵام: ستاد (واتە ناوەندی سەرکردایەتیی ئەرتەش) بەڕەسمی نووسیویەتی کە خۆیان ئەم کارەیان کردووە.

پرسیار: بۆچی بە فڕۆکە هاتنە سەر شاری سنە؟

«دوکتۆر قاسملوو وتی ئەگەر برادەرانی کۆمەڵە بتوانن دووسەد پێشمەرگەی چالاک و لێهاتوو بنێرنە بەرەی شەڕ لە بیرانشار هەم کارەکەی ئێمە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە و هەم هێزەکانی ڕژێمیش توانایی بەرەوپێشچوونی زیاتریان نابێت»

وەڵام: لەبەرئەوەی [ئەرتەش] بەپێچەوانەی ئامانجی دەوڵەت کاریان دەکرد.»

باشە بەڵگە لەوە ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێت؟ خۆ ئەمە قسەی دیموکرات و کۆمەڵە و شێخ عیزەدین نییە. ئەمە قسەی کەسێکە کە لە ناوەندی بڕیاردانەوە زۆر نزیک بووە و ئاگاداری جموجۆڵە سەربازییەکان بووە. ئاخر چۆن لایەنی کوردی کە هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی بۆ شەڕکردن نەبوو، شا ڕو شارۆچکەکانی بە خێرا دەکەوتنە بەر پەلاماری دەوڵەت و چەندین هۆی دیکەش... خۆی تووشی شەڕ دەکرد؟ ئەویش لە بەرامبەر دوژمنێکی وەهادا؟ بیرەوەرییەکم هەیە لەو ساڵانە کە پێم خۆشە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم باسە بیگێڕمەوە:



بنکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ڕۆژیکیان له مانگی سیپتامبری ١٩٧٩دا (خەرمانانی ١٣٥٨)، واتە مانگێک پاش هێرش بۆ سەر کوردستان له خێوەتەکەی مامۆستا شێخ عێزەدین دانیشتبووین و دوکتۆر قاسملوو بەمیوانی لەوێ بوو. ماوەیەکی پێچوو یەکێک لە بەرپرسانی کۆمەڵەش هات بۆ ئەوێ. لەسەر بارودۆخی شەڕ و پێشمەرگە و جەبهەکان لە ناوچەی سەردەشت و پیرانشار قسە کرا. باسی گیروگرفتی هێز و کەمبوونی ژمارەی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران کرا. دوکتۆر قاسملوو وتی ئەگەر برادەرانی کۆمەڵە بتوانن دووسەد پێشمەرگەی چالاک و لێهاتوو بنێرنە بەرەی شەڕ لە پیرانشار هەم کارەکەی ئێمە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە و هەم هێزەکانی ڕژێمیش توانایی بەرەوپێشچوونی زیاتریان نابێت. بەرپرسەکەی کۆمەڵەش زۆر لەسەرەخۆ وتی جا ئەگەر کۆمەڵە لە هەموو کوردستان سێسەد پێشمەرگەی چالاک و لێهاتووی هەبوایە خەمی چی بوو؟! دوکتۆر قاسملوو بزەیەکی پڕمانای کرد و ئێمەیش کە لەوێ بووین زۆرمان پێ سەیر بوو!

لە ماوەی چەند هەفتەی پاش ئەوە ئەم قسەوباسەی نێوان سکرتێری گشتی حدکا و ئەو بەرپرسەی کۆمەڵە بووبووە باسی گەرمی ئەو ناوچەیە. هەڵبەت کۆمەڵە لەو شێوە دەربڕینەی بەرپرسەکەی خۆی خۆشحاڵ نەبوو بەڵام ئەم وتەیە ڕاستییەکی تاڵی خستبووە ڕوو. کۆمەڵە سەرەڕای پشتیوانی بەرینی خەڵک لە کوردستان، لەو کاتەدا ژمارەی پێشمەرگەکانی زۆر نەبوون. بەتایبەت پێشمەرگەی لێهاتوو و کارامە. ئەمەش ڕاستییەکی دیکە دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە نە کۆمەڵە و نە حدکا هیچکامیان ئامادەیی شەڕکردنیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نەبوو.

کۆمەڵە بەپێی لێکدانەوەیەکی ورد لەلایەن ڕێبەری بەرجەستە و دوورئەندێشی خۆی واتە کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی کە ماوەیەک پێش هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان نووسرابوو، پێشبینی ئەوەی کرد بوو کە کوردستان دەکەوێتە بەر پەلامارێک لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە. بەڵام لەم لێکدانەوەوە هەتا ئامادەیی ڕێکخراوەیی و کۆکردنەوەی هێز و خۆسازکردن بۆ بەرەنگاری و فێرکردنی هێزی پێشمەرگە مەودایەکی درێژ هەبوو کە دەبوو خۆی بۆ تەیار بکرێت. هەر ڕێک لەبەر ئەمە بوو کە تۆڕەران و لێکۆڵەرانی شەڕخواز لە سەرکردایەتیی هێزەچەکدارەکان و ئەرتەشی ئێران زەمینەیان خۆش کرد بۆ دەرچوونی فەرمانی جیهاد لە دژی خەڵکی کورد و هێرشکردنە سەر کوردستان. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەر هەمان کاک فوئاد بە دوورئەندێشی و بەپەرۆشبوون بۆ شۆڕشی کوردستان و هەروەها بۆ خۆدوورڕاگرتن لە شەڕ و پێکدادان و بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو پلانێکی شەرهەڵگرسێنەرانەی کۆماری ئیسلامی، کۆچی میژوویی خەڵکی مەریوانی ڕێکخست. لە مەریوان دارودەستەی سەر بە کۆماری ئیسلامی و ئەرتەش و پاسدار خەریکی سازکردنی ناکۆکی و داسەپاندنی شەڕ بوون بەسەر خەڵکی شارەکەدا. بە چوونەدەری خەڵکی شار لانی کەم بۆ ماوەیەک توانرا ئەم پیلانە پووچەڵ بکرێتەوە. هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکانی سنە، سەقز، بانە و بۆکان بۆ پشتگیری لەم خواستەی خەڵکی مەریوان و بە ڕێپێوان لە شارەکانی خۆیانەوە بەرەو مەریوان وە ڕێ کەوتن. وێنەکانی ئەم ڕێپێوانانە و هەروەها ڕاپۆرتی تەلەڤیزیۆنی فەرانسە کە کاتی گەیشتنی خۆپیشاندەرانی سەقز و بانە و بۆکان لەوێ بوون، هەمووی سیمایەکی زیندوو لە ئاشتیخوازیی خەڵکی کوردستان نیشان دەدەن.

بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران چی کرد؟ ئەوان هەر ئەوەندە نەبوو کە وەک سەرلەشکر ناصر فەربود دەڵێت: «بە فڕۆکە هاتنە سەر شاری سنە»؛ بەڵکو نەک هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بەڵکو نەورۆزی ئەو ساڵە، واتە تاقە یەک مانگ پاش ڕووخانی ڕژێمی شا بە فڕۆکەی جەنگی فانتۆم لەسەر هەموو شارەکانی کوردستان دیواری دەنگیان شکاند و دەیانەویست خەڵک چاوترسێن بکەن. لێرەدا وتەیەکی ئاغای جەمشید حەقگو، ئوستانداری پێشووی ئازربایجانی ڕۆژئاوا زۆر شیاوی سەرنجدانە: «ڕۆژێکیان بە بۆنەیەکەوە من لە ئیدارەی دووەمی ئەرتەش بووم لە تاران و لەوێ پرسی کوردستان هاتە پێش. هەموو ئەفسەرانی خیبرەی اطلاعاتی روکنی دوو [دەستگای جاسووسی ناو ئەرتەش] کە شارەزا بوون بە ناوچەی کوردستان و گیروگرفتەکانی لەوێ بوون. لە بیرمە هاوکات لەگەڵ جەختکردن لەسەر بۆچوونەکانی من... ڕایانگەیاند کە ئێمەش بەراوردمان کردووە و نزیکەی ١٤ ڕێگاچارەمان بۆ کوردستان ڕەچاو کردووە کە دواییەن ڕێگاچارەیان چەکدارانەیە.» (چشمانداز ایران- ویژە کردستان، ژمارە دوو لاپەڕەی ٥٦ پاییزی ٢٠٠٥) باشە ئەو کەسانەی - بەتایبەت کوردەکان - کە ئێستا لە تارانەوە و لە لاپەڕەکانی چشمانداز ایرانەوە هێرش ئەبەنە سەر ئەو تێکۆشەرانەی کە لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستاندا بەشداریان کردووە و لە



مولازم عومەر، د. قاسلمو و د. فوئاد ئەعسوم لە ناوەڕاستدا. (ئەرشیفی مولازم عومەر)



د. جەعفەر

بەرامبەر پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاون و پارێزگارییان لەگەڵ و نیشتمانی خۆیان کردووە، لە خۆیان ناپرسن ئەوە بۆچی کەس گوێی نەدایە ئەو ١٣ ڕێگاچارەیەی دیکەی کە «ئەفسەرانی خیبرەی روکنی دوو» پێشنیاریان کردبوو؟ بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکی کورددا تەنها بە زمانی چەک و تۆپ و تانک هاتنە زمان و ڕێگاچارەی چواردەیەمیان هەڵنەبژارد؟ شێخ حسین کرمانی «نوێنەری ئەوکاتی ئیمام لە ڕۆژهەڵاتی وڵات» هەر لە هەمان گۆڤاردا لاپەڕەی هەشت دەڵێت: «جارێکیان گوتم باش وایە دەرامەتی ڕۆژێکی نەفت تەرخان بکەین بۆ کوردستان... احمدئاغا [کوڕی خمینی] ئەم قسەی منی زۆر پێخۆش نەبوو... تەلەفونم کرد احمدئاغا وەڵامی دایەوە. وتم ئاغای خەڵخاڵی هاتووەتە هەمەدان و سبەینێ دەیەوێت بێت بۆ سنە. لە سنە هیچ باسێک نییە. ئارامی ئارامە. بیکە بە خاتری خودا مەهێڵن بێت بۆ ئێرە.» (چشمانداز ایران- ویژە کردستان، ژمارە دوو لاپەڕەی ٨ پاییزی ٢٠٠٥) بەڵگە لەمە ڕوونتر و ئاشکراتر هەیە؟ خۆ ئەمە کۆمەڵە و حدکا نەیاننووسیوە. ئەم کابرایە ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوم و لەگەڵ مالی خومەینی پەیوەندی گرتووە. پێشتر بینیمان کە ئەرتەش چۆن شەڕەکەی دەست پێکرد، ئێستاش دەبینین کە لە شاری قومەوە خەڵخاڵی جەڵلادیان نارد بۆ ئیعدامکردنی خەڵک لە کوردستان. سپای پاسداران و بەسیج و هەموو بەڕێوە بوون بۆ ئەوەی ئەو مالوێرانییە دروست بکەن لە کوردستان کە کردیان. ئەو جەنابانەی وا لە گۆڤاری چشمانداز ایراندا لێکدانەوە دەدەن داخوا چۆن دەتوانن ئەم وتارە بەڵگەنامەییانە ڕەت بکەنەوە؟

هاوکات هەموو دامودەسگای ڕاگەیاندنی ئێرانیش کەوتبوونە گەڕ بۆ ئەوەی ئاگری شەڕ خۆشتر بکەن. ئاغای شاهوەیسی دەڵێت: «ژمارەیەک لە سەرانی ئەرتەش، لەوانە سەرلەشکر قەرەنی سەرۆکی ستادی ئەرتەش لایەنگری ئەوە بوون کە سەرکوتکردنی کوردستان تاقە ڕێگاچارەیە. لە بەخشنامەیەکدا بۆ خەڵکی کورد هەڕەشەی لێکردن کە ئەگەر دڕێژە بەم کارانە بدەن، ئەوا دێم و خاکی کوردستان دەکەمە ناو تووڕەکەوە. فەرمانیشی دا کە فڕۆکەکان دیواری دەنگ لەسەر شارەکان بشکێنن... ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیش مارشی سەربازییان بڵاو دەکردەوە و بەم چەشنە هەستی هاونیشتمانانی دیکەیان دڕ بە خەڵکی کورد هەڵدەخڕاند هەرچی دەگوترا کە لە کوردستان وەزعەکە قابیلی کونترۆڵە و وانیە کە هێرش بکرێتە سەری و ئارامە، کەس گوێی نەدەگرت و زانیاری هەڵە لە کەناڵی ناڕەسمییەوە دەدرا.» (چشمانداز ایران- ویژە کردستان، ژمارە دوو لاپەڕەی ١٥ و ١٦ پاییزی ٢٠٠٥) ئەمانە هەموو دەریدەخەن کە ئەو کەسانەی لە پەیوەندیدا بوون لە دەسەڵاتەوە لە تاران و لە قوم دەیسەلمێنن کە هەموو شتێک لەسەر ئەساسی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراو دامەزرا بوو. سەرەڕای ئەوە بە ناو لێکۆڵەرانی کورد لە چشمانداز ایراندا گوناهی هێرشکردنە سەر کوردستان دەخەنە سەر ئەستۆی خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکان ئەویش لەژێر ناوی «جاسووسی بێگانە و داردەستی ڕژێمی بەعس»دا. ئەمانە کە خۆیان زۆر ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ قسەکانی خۆیان پەیدا بکەن باش وابوو لانی کەم هەر لە هەمان گۆڤاردا سەرنجی وتوێژی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن. با بزانین ئاغای صباغیان ئەندامی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ وتوێژ لە کوردستان لەسەر چۆنیەتیی دەستپێکردنی شەڕ بە چ شێوەیەک ئەدوێت: «نهضت آزادی ایران [ڕێکخراوەکەی مهندس بازرگان یەکەمین سەرەکوەزیر] هیچ بەرنامە یان لێکدانەوەیەکی سەبارەت بە ناوچەی کوردنشین نەبوو. یەکەم کەسێک کە چوو بۆ کوردستان دوکتۆر چەمران بوو. نزیکەو نەورۆز چوو بۆ کوردستان و خوێندنەوەی کرد و بۆی دەرکەوت کە دەبێت بە شێوەی پارتیزانی شەڕ بکرێت. لەبەر ئەوەی کە جوولانەوەی کوردەکانیش پارتیزانی بوو. لەو کاتەدا تاقەکەسێک کە خولی پارتیزانی دیبوو دوکتۆر چەمران بوو. پرسیار: کە وا بێت لەڕاستیدا دەستەی فشارهێنان بۆ ئەوە بوو ئەرتەش چەکدارانە بجوولێتەوە؟

بەڵێ وایە. مەرحوومی [سەرلەشکر] قەرەنی دەیگوت ئەمانە هەتا گەشەیان نەکردووە دەبێت لەگەڵیان تێبکەوین و لەناویان ببەین. مەرحوومی چەمران زۆر باوەڕی بە وتوێژ نەبوو دەیگوت من چوومەتە ئەوێ و لەسەریان شتم خوێندووەتەوە.» (چشمانداز ایران- ویژە کردستان، ژمارە یەک لاپەڕەی ٥٣ بەهاری ٢٠٠٣)

مصطفی چەمران ئەودەم جێگری سەرەکوەزیر و ماوەیەکیش سەرۆکی سپای پاسداران بوو کە لە شەڕ لەگەڵ عیراقدا کوژرا. بەپێی قسەی ئاغای صباغیان کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی نهضت آزادی ایران بووە نە خۆی و نە هاوکارەکانی هیچ بەرنامە و یان لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر کوردستان نەبووە! واتە ئەمانەن ئەو کەسانەی کە کراونەتە بەڕێوەبەری سیاسەتی شەرخوازانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەرتەش و سپای پاسدارانەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێش. هەمووان ئەزانن کە بەشێکی بەرچاوی هەڵسووڕاوانی سیاسی و ڕێبەرانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەت لەنزیکەوە بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی فەلەستین بوون و بەوردی ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون. ئەی ئەوە چۆنە کە ئاگای لە بارودۆخی کوردستان نەبووە؟ ئەو هەموو ڕووداوە گرنگانەی کوردستان کە سەرنجی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و توێژەرانی سیاسی ناوچەکە و بگرە دونیایشی ڕادەکێشا، ئەم جەنابانە خۆیان بێئاگا هەڵدەخەن. کۆمەڵەی ژ.ک، پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٩٥٣، هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی کورد هەر لەو ساڵەدا و پێش کودێتای لایەنگرانی شا بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلستان، ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی باشووری کوردستان لە شەستەکاندا، گیرانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری تێکۆشەرانی کورد وەکو زیندانی سیاسی و ناردنیان بۆ زیندانەکانی سەرانسەری ئێران، بزووتنەوەی چەکداری ساڵەکانی ١٩٦٧ــ١٩٦٨، شۆڕشی ئەیلوول و شەڕی قورس لە کوردستان، ڕێککەوتنامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠



مامۆستا شێخ عیزەدین لەگەڵ هاوڕێیانی

و دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەرەنجام پەیمانی شای ئێران و صدام لە ئەلجەزایر ساڵی ١٩٧٥ و هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦دا، هەموو ئەمانە ڕووداوی زۆر گرنگ بوون نەک بۆ ئێران و عێراق بەڵکو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خویندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵاتیش زۆر چالاکانە دەنگوباسی شۆڕشی کوردستان و ڕووداوەکانیان دەگەیاندە بیروڕای جیهانی و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن. بەڵام وا دیارە ئەم جەماعەتە یان خۆیان لێ گێل کردووە یان لەبەر بێبایەخکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نایانەوێت گرنگی پێ بدەن. با بگەڕینەوە سەر قسەکانی ئاغای صباغیان:

«پرسیار: ڕووداوەکەی شاری پاوە کە هاتە پێش، آیت‌الله خمینی فەرمانی دا کە لە ماوەی بیست‌وچوار کاتژمیردا پێکدادانەکان لە پاوە کۆتایی پێ بێت. ڕۆژی دواتریش بڕیاری دا کە هێزە چەکدارەکان بەرەو سنە بکەونە ڕێ. لەکاتێکدا کە ئوستانداری هەڵبژێردراوی خۆتان لە وتوێژێکی چاپەمەنی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەدا لەم بابەتەوە سەرسووڕمانی خۆی دەربڕی و وتی لە سنە هیچ نەقەوماوە. شەڕ نییە. ئەم شەڕاگەیاندنە لەسەر چی بوو؟

وەڵام: گوتم کە دەنگوباسی هەڵەیان دەدا. مەرحوومی خومەینی بڕیارێکی دابوو کە لە جێی خۆی نەبوو. پاشانیش گوترا کە لە سنە هیچ دەنگوباسێک نییە.» (هەمان سەرچاوە ژمارە یەک لاپەڕەی ٥٥ بەهاری ٢٠٠٣)

ئاغای صباغیان ئاوا دەڵێت، بەڵام هەر لە هەمان ژمارەی چشمانداز ایراندا بە ناو پسپۆڕانی کورد، ڕێبەرانی کوردستان تاوانبار دەکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دەستپێکەری شەڕ و هۆی کوشتن و بڕین و کاولکردنی کوردستان هەر کورد خۆیەتی! ئاغای صدر حاج سیدجوادی (وەزیری پێشووی ناوخۆ) ئاوا دەڵێت: «هەڵبەت مەرحوومی مفتی‌زاده و شێخ عیزەدین و لایەنگرە چەکدارەکانیان قەت نەیانویست لەگەڵ ئێمە شەڕ بکەن. پرسیار: ئایا باڵەکانی [کۆماری ئیسلامی] کۆک بوون لەسەر کاتی دەستپێکردنی شەڕ. هەمووان ڕازی بوون بە لێدانی چەکدارانە؟

وەڵام: ئەوە ئاشکرایە کە دەسەڵات بەکردەوە لە دەستی ئاغای خومەینیدا بوو و لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ هەنگاوێک نەنرا. ئێمە لە دەوڵەتدا ڕازی بە عەمەلیاتی چەکدارانە نەبووین. مهندس بازرگانیش ڕازی نەبوو. فەرمان، فەرمانی ئیمام بوو. لەسەر سنە... ئێمە بە لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە لەلایەن ئەرتەشیشەوە هەڵە کراوە.» (هەمان سەرچاوە ژمارە یەک لاپەڕەی ٤٦ بەهاری ٢٠٠٣)

بەڕاستی بە بوونی ئەم هەموو بەڵگە و سەرچاوەیەوە کە لە زمان خودی کاربەدەستانەوە دڕندەیی حکوومەت نیشان دەدات، ئایا هیچ جێگایەک بۆ ئەو هەموو ئیدیعایە دەمێنێتەوە کە گوایە کۆماری ئیسلامی لایەنگری دیالۆگ و ئاشتی بوو بەڵام کورد شەڕخواز و ئاژاوەگێڕ و داردەستی بێگانە بوو؟

دڕێژەی هەیە...